





# سفەیە

## ئەو گوندەی ئاوەدانی زیاتری پێویستە



گوندی سفەیە نزیکەی ٨کم لە باکووری رۆژئاوای ناحیەی خەباتەوەیە، ئەم گوندە دیمەنێکی دڵرفێن و رازاوە بە چەندین باخی میوە و دەشتێکی بەپێتی کشتوکاڵییەو ئاوی زێ بەلایدا دەڕوات. سفەیە یەکێکە لە گوندە کاکەیی نیشینەکانی نێوان خەبات و موسڵ و نزیکەی «٦٠٠» ماڵ و زیاتر لە «٤٥٠٠تا ٥٠٠٠» کەس دەبێت و خەڵکەکەی خەریکی کشتوکاڵن.
کاکەییەکانی ئەو دەڤەرە هەمیشە قوربانی و باجی هەڵوێستە نیشتیمان پەروەرییەکانی خۆیان داوە لەوەی ناسنامەی خۆیان نەگۆڕیوە بۆ عەرەب و هەمیشە شانازییان بە کورد بوونی خۆیانەوە کردووە بەردەوام توشی راگواستن و وێرانکاری بوونەتەوە.
خەڵکی ئەم گوندە کاکەیی یان ئەهلی هەقن کە یەکێکە لە ئایینە کۆنەکانی کوردی و لەسەردەمی بالولی ماهیدا دامەزراوەو دواتر کەسانی وەک بابا سەرهەنگی دەورانی بابا ناوسی سەرگەتی و دواتر سان سەهاکی بەرزنجی ئەم ئایینەی تازە کردوەتەوە، پەیڕەوانی ئەم ئایینە بروایان بە تەنیایی و دەسەڵاتی خوای گەورە هەیە و پێیان وایە مرۆڤ ئەگەر چاکەکار بێت رۆحەکەی دچێتە نێو گیانی پیاو چاکێکەوە و ئەگەر خراپەکاربێت. ئاوێتەی رۆحی دڕندەکان دەبێت، کاکەییەکان یان ئەهلی هەقەکان لە زۆر ناوچەی رۆژ هەڵاتدا هەن لەوانەش لە کوردستانی باشورو باکور و رۆژهەڵات و کوردستانی سوریا و لە ئێران و هەندێک ناوچەی روسیا و لە پاکستان و ئەفغانستاندا هەن، ئەوان خاوەن کتێبی پیرۆزی سەرەنجام و چەندین دەفتەری تری ئاینین کە کۆمەڵەگە و بنەماکانی ئاینەکەیان بەشێوەی شیعری دە بڕگەیی و پەخشان نوسراوە وزمانی ئاخاوتن و زمانی مەراسیمە ئایینەکەیان « گۆران» ییە و مۆسیقا لە ئایینی ئەهلی هەقدا بەرادەیەک پیرۆزە رابەرە ئایینییەکانیان لە کاتی خوێندنی سرود کە ئەوان پێی دەڵێن« کەلام»ەکاندا دەبێت ئامێری تەمورە یان تەمبور بەکاربێنن.
کەشاوەرزی یان کشتوکاڵ و مەڕداری لایان پیرۆزە و بایەخی پێدەدەن، لەسەردانێکماندا بۆ گوندی سفەیە ئەم راپۆرتەمان ئامادەکرد تا لە نزیکەوە لە مێژووی ئەو دەڤەرە و ئەو تاوانانەی رژێمی لەناوچوو دەرهەقی کردون و لە ئێستادا دەخوازن چییان بۆ بکرێت.

راپۆرت/ نامق هەورامی



**حامید ئیسماعیل محەمەد: سەرۆکی شارەوانی سفەیە گوتی:**
سفەیە گوندێکی گەورەیە و دەکرێت بکرێتە ناحیە، چونکە ژمارەی خێزانەکانی سفەیە «٦٠٠» خێزانن و زیاتر لە پێنج هەزار دانیشتوانەکەیەتی و قوتابخانەیەکی سەرەتایی تێدایە کە ژمارەی قوتابییانی «٧٦٠» قوتابییە و دواناوەندییەکی تێدایە کە ژمارەی قوتابییانی «٢٥٦» قوتابییە و لە یەکی ناوەندییەوە بۆ شەشی ئامادەییە بە هەردوو بەشی وێژەیی و زانستییەوە.

بەپێی ئەو نوسراوە کۆنەنانەی دەستمان کەوتوون ئەم گوندە سەرەتا ناوی «سی فایە» یان « سی فایدە» وە هاتووە چونکە گەنم لەم ناوچەیەدا «١×٣٠» دەرچووە و وردە وردە لەسەر زمان بووتە سفەیە و لەمەشدا عەرەب دەوریان هەبووە لە بە عەرەب کردنی ناوەکەیدا، حکوومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق هیچیان بۆ ئەم ناوچەیە نەکردووە چونکە ئەم ناوچەیە هەرچەند دەورو بەرمان عەرەبن بەڵام دەڤەرەکەمان بەوە ناسراوە هەمیشە پشتوانی شۆڕش بووە لە شۆڕشی ئەیلولدا «٢٧» تا «٣٠» پێشمەرگەمان هەبووە، لە ساڵی «١٩٨٨» گوندی «مەتران» کە ئەویش کاکەین راگوێزران و سفەیەش لە ساڵی «١٩٩١» وە تا روخانی رژێم رۆژانە ئێرە بۆردومان دەکرا بەڵام خەڵکی ناوچەکەیان چۆڵ نەکرد، لە رووی ئاوەدانکردنەوەوە شتمان بۆ کراوە بەڵام گوندەکە پێویستی بەشتی زیاتر هەیە، کێشەی سەرەکیمان مەسەلەی پرۆژەی ئاوی خواردنە، هەروەها ئەو جادەیەی بۆمان دروستکراوە هێشتا قیرتاو نەکراوە، منداڵانی ئەم گوندە پێویستیان بە باخچەی ساوایان و شاری یاری هەیە، لێرە هەواداریێکی زۆری وەرزش هەیە بەڵام گۆڕەپانی یاریمان نییە، پێویستمان بەسەنتەری یان بنکەیەکی رۆشنبیری هەیە بۆ لاوانمان و داوای ئەو شتانەمان کردووە، بەڵام نازانین کەی جێبەجێ دەکرێت.



**نادر کاکەیی یەکێک لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول**

وەک چۆن شۆڕش لە گوندەکانەوە گەشتە شار هەرواش دەبێت ئاوەدانی بگاتە گوندەکان چونکە ئەگەر گوندەکان ئاوەدان بن و سیمای ژیانی هاوچەرخی تێدابێت ئەوەندە قەرەباڵغی لە شارەکاندا دروست نابێت کە بە «٣٠٠» دۆلار خانووت بۆ کرێ دەسنەکەوێت.

**غازی نادر رەسول کاکەیی:**



ئەوەی من لەبیرم بێت ئەم گوندە «١٠٠» تا «١٥٠» ماڵ بوو بەڵام گەشەی کردوە و بووەتە «٦٠٠» ماڵ و نزیکەی «٥» هەزار کەس دەبن و «١٤٠٠» کەس لەوانە مافی دەنگدانیان هەبوو. ساڵی ١٩٥٨ قوتابخانە لێرە کراوەتەوە و ساڵی ١٩٩٦ ئامادەیی تێداکراوەتەوە.
لەدوای ئاوەدانکردنەوەوە حکوومەتی هەرێم درێغی نەکردووە قوتابخانە و نەخۆشخانە و ئاوەڕۆو چەندین پرۆژەی تر بەڵام ئەمڕۆ گوندەکەمان پێویستی بە پرۆژەی ئاوو قیرتا و جادەی سەرەکی سفەیە هەیە چونکە لە شۆڕشی ئەیلولدا زیاتر لە «٣٠» پێشمەرگەی هەبووە و دواتریش هەر پشت و پەنای شۆڕش بووە بۆیە هەقی هەیە داوای ئاوەدانی زیاتر بکات.
کاکەییەکان لەم سنورەدا بە دەست سیاسەتە چەوتەکانی بەعسەوە تووشی زۆر گرفت بوون وەک وێرانکردنی گوندی « مەتران» و لە سنوری موسڵیش شەش گوندی کاکەییەکان توشی سیاسەتی راگواستن هاتن کە گوندەکانی « زەنگەڵ، گەزەکان، کەبەر لو، تولەبەند، کولەبۆر، وەردەکە».
کە هەریەک لە گوندانە «٢٠٠ تا«٣٠٠» ماڵ دەبوون و تەنیا تاوانیان کورد بونیان بووە و چەندین جار رژێم ویستویەتی قەومیەیان بکاتە عەرەب بەڵام ئەوان رازی نەبوون بۆیە راگوێزران بۆ ئۆردوگای باینجان لە نزیک سلێمانی.



**جابر حاتەم عەگید:**
مێژووی گوندی« سفەیە» دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە «٣٠٠» ساڵ و ئەوەندەی من لەدەم پیاوە کۆنەکانی ئەم گوندەوە بیستومە هەریەک لەوانە شەش پشتیان لەم گوندەدا ژیاون، دانیشتوانی سفەیە هەموویان کاکەین و لەم ناوچەیەدا خەریکی کشتوکاڵن و بەهۆی نزیکی ناوچەکە لە ئاوی زێ دەرامەتێکی باشی کشتوکاڵی هەیە و پیاوە پیرەکان دەگێڕنەوە کە بەروبوومی گەنم لەم ناوچەیەدا ساڵانە« ١×٣٠» بووە و ناوەکەش هەر لەوەوە هاتووە، کەواتە زیاتر لە «٣٠٠» ساڵە ژیان لەم گوندەدا بەردەوامە و ئێستا زیاتر لە«٦٠٠»ماڵ لەم گوندەدان هەندێک پرۆژەی خزمەتگوزاریمان بۆ کراوە لەوانە « کردنەوەی بنکەیەکی تەندروستی، قوتابخانەیەکی دوانزە پۆلی کە «٢» نهۆمە، کردنەوەی شارەوانی لەم گوندەدا، دروستکردنی ئاوەڕۆی گوندەکە، کۆنکرێت کردنی زۆرێک لە

کۆڵانەکانی سفەیە، بڕیارە بنکەیەکی پۆلیس بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پێویستی گرنگمان هەن کە حکوومەتی هەرێم بۆمان دابین بکات هەر چەندە لە ڕوی ئیدارییەوە ئێمە سەر بە پارێزگای موسڵین بەڵام لە ساڵی «١٩٩١» وە لە ناوچەی ئازادکراوەکانین و وابەستەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمین. بۆیە ئەو پرۆژانەی لەسەرەتاوە باسمکردن بۆمان جێبەجێ کراون بەڵام پێویستمان بە مانەش هەیە.

١- پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە: لە ساڵی «١٩٩٧» وە سێ بیر لە گوندەکەمان لێدراون بەڵام تا ئێستا بۆری بۆ دانەنراوە بۆ دابەشکردنی لە گوندەکەدا و زۆر بەدەست بێئاوییەوە دەناڵێنین و چەند جارێکیش سکاڵامان کردوە بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە .

٢- ڕێگاو بان: بە درێژی ٧ کم جادەمان بۆ دروست کراوە بەڵام تا ئێستا قیرنەکراوە و خەریکە جادەکە تێک دەچێت داواکارین دەستوبرد بکرێت لە قیرتاوکردنی جادەکەدا .

٣- ناوەندێکی چالاکی لاوان: لاوێکی زۆر لەم گوندەدا هەن ڕۆژانە بێکار دەسوڕێنەوە و جێگایەک نییە تێیدا کۆببنەوە بۆیە داواکارین ناوەندێکی ڕۆشنبیری و گەشەپێدانی لاوان لەم شارۆچکەیە بکرێتەوە بۆ ئەوەی لاوان بتوانن بە ڕۆحیەتێکی لاوانەوە تواناکانی خۆیان وەگەر بخەن.



٤- لە ڕوی ئیدارییەوە ئێمە سەر بە ناحیەی «گوێڕ»ین و لەوێ گیروگرفتمان بۆ دروست دەبێت داواکارین بخرێینە سەر ئیدارەی خەبات.

**محەمەد برا مستەفا تەمەنی «٧١» ساڵ گوتی:** من پێنج پشتم لەم گوندەدا نێژراون و باو باپیرانم لێرە خەریکی کشتوکاڵ بوون و ئێستاش بە هەمان شێوە ئێمە خەریکی کشتوکاڵین.

ئەم ناوچەیە لە شۆڕشی ئەیلول و دواتریش دەوری چالاکانەی لە شۆڕشدا گێڕاوە بەڵام لەڕووی ئاوەدانییەوە بێبەش کراوە زیاتر لە چوار ساڵە بیری ئاو لێدراوە بەڵام تا ئێستا دابەش نەکراوە بە ماڵەکاندا، جادەکە وا تەواو بووە بەڵام کەی قیرتاو دەکرێن؟ ئێمە خەڵکێکی جوتیارین بەڵام بێبەشین لەگشت کەرەسە و پێداویستییەکی کشتوکاڵی، ئێمە لە ساڵی ١٩٩١ وە لە حکوومەتی عێراق دابڕاوین و نامانەوێت جارێکی تر بکەوینەوە سەر ئەو ئیدارەیە چونکە ئێستاش بەهەمان عەقڵی جاران مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، لەم ڕۆژانەدا چوینە گوێڕ بەمەبەستی نوێکردنەوەی ناسنامەی کشتوکاڵی، بۆیان نوێکردینەوە و پارەیان لێسەندین بەڵام یەک لیتر گازیان نەداینێ بۆیە تا سەربە و ناحیەیە بین واتە





ناحیەی گوێڕ هیچمان بۆ ناکرێت.

**هەروەها ئەمین محەمەد تەمەن «٧٤» ساڵ گوتی:**

برا خۆ ناشوکری نەبێت حکوومەتی عێراق هیچ بۆ ئێمە ناکات داوادەکەم حکوومەتی کوردستان وەک چۆن زۆرشتی بۆمان کردوە ئاواش جادەکە و ئاوەکەمان بۆ تەواو بکات ئێمە ژیانمان لەسەر کشتوکاڵە کەچی گاز نییە بیکەنە مەکینەی ئاوەکەوە، ئەی چی بکەین چارەسەرێکمان بۆ بکەن.

**جەمیل برا مستەفاش گوتی:**

من تەمەنم شەست ساڵە و ئەوەتەی من لەبیرم بێت و لە باب و باپیرانم بیستبێت لە سەردەمی «سەفەر بەلەک» ەوە ئەم گوندە هەبووە کاتێک پارە لەسەر چەرم دروستکراوە.

ئێمە بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵین و لەڕووی ئاوەدانییەوە خزمەتمان کراوە بەڵام پێویستمان بە ئاو و قیرتاوی شەقام هەیە، ئەم گوندە لە ساڵی «١٩٩١»ەوە ئازاد کراوە بەڵام هەمیشە هەوڵی داگیرکردن و وێرانکردنی داوە و بە بەردەوامی تۆپبارانی دەکردو ئێمەش ماڵ و منداڵمان دور دەخستەوە و ئەوەی توانای چەک هەڵگرتنی هەبێت خۆمان بۆ بەرگری و بەپەرچدانەوە ئامادە دەکرد.

لە ساڵی ١٩٨٦ گونی «مەتران» ڕاگوێزرا کە ئەوانیش کاکەیی بوون، پاشان لە موسڵ شەش گوندی کاکەییەکان ڕاگوێزران بۆ ئوردوگای باینجان و دواتر بۆ «سەیدەمین و شەمشولە و زاگە» لە کاتی پرۆسەی ئازادی عێراقدا گەڕانەوە گوندەکانی خۆیان دواتر جارێکی تر ویستیان دەریان بکەنەوە بەڵام بۆ دوژمنان نەچوە سەر.

## داواکارییەکانی خەڵکی سفەیە

١- تەواوکردنی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە کە زیاتر لە چوار ساڵە دەستی پێکردووە.

٢- قیرتاوکردنی ئەو جادەیەی بۆیان کراوە

٣- لادانیان لە ڕووی ئیدارییەوە لەسەر دیبەگە و بخرێنە سەر ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- کردنەوەی سەنتەرێکی ڕۆشنبیری بۆ لاوانی ناوچەکە

٥- کردنەوەی یاریگەیەک

٦- کردنەوەی باخچەی ساوایان و شاری یاری بۆ منداڵان.